# من له سه‌فه‌ردام

شالاو حه‌بیبه
(سلێمانی)

(١)
له‌ژێر دره‌ختێکدا چاوه‌ڕێم،
یه‌که‌مین شکۆفه‌..
سلاو له من بکات!

(٢)
له به‌رده‌رگای باغه‌که‌م
چاوه‌ڕێم..
شه‌ونم، گژوگیا و گوڵه‌کان جێ بهێڵێت.

(٣)
له تاریکییه‌که‌دا..
نوختەیه‌کی سوور ده‌رده‌که‌وێت،
فرمێسکێک، ده‌که‌وێته سه‌ر زه‌وی.

(٤)
خۆزگه‌م به تووله سه‌گه‌کان
چاوه‌ڕێی دایکیانن
له گۆڕستانه‌که

(٥)
له‌سه‌ر به‌ردێک دانیشتووم،
خه‌یاڵم لای..
دڵی تۆیه.

(٦)
ژووانی داهاتوومان
گۆچانێکم بۆ بێنه
ئه‌ی غه‌م!

(٧)
سه‌ره‌یان گرتووه
له‌ناو ته‌نووره‌که
کولێره‌کان



(٨)
ماسییەکان
پەیامەکەیان نەگەیشت
کونێک کەوتبووە بەلەمەکە

(٩)
من، لەناو بەفرەکە و..
قەلەڕەش لەسەر دارەکان،
کات، دەڕوا و ناڕوا!

(١٠)
بەفر باری
خۆشەویستەکەم
لێ ون بوو

(١١)
چاوەکانت داخست،
ئەستێرە..
کەوتنە پێکەنین!

(١٢)
خۆشەویستەکەم..
گوڵەکەمی خستە ژێر پێی،
کلیلی باغەکەم فڕێ دا.

(١٣)
پەردەکەت لەسەر لانادەم،
بەرگەی خۆکوشتنی..
پەروانەکان ناگرم.

(١٤)
کە پەردەکە دادەدڕێتەوە
دڵمان دەشکێ
من و گوڵدانەکە

(١٥)
کۆڵان..
بۆنی ئەو ڕۆژەی لێ دێت،
گوڵێکت بۆم هەڵدا.

(١٦)
دوو ڕۆژە
گوڵەکانم ئاو نەداوە
من لەسەفەردام

(١٧)
دارخورماکان نەبوونایە،
کێ دەیزانی..
گەیشتووین؟!

(١٨)
بە خەونی
حوشترێکدا
چووم بۆ حەج

(١٩)
نابینایەک..
دەگاتە باغێک و دەڵێت:
سڵاو کیژۆڵەکان!

(٢٠)
ویستم سەری خۆم هەڵگرم
ماڵی چۆڵی کیسەڵێکم دی
دامە قاقای پێکەنین

(٢١)
بۆ گەشتێکی شین،
هەڵۆیەک..
کیسەڵێک بۆ ئاسمان دەبات.

(٢٢)
لە پەنا بەردێکدا..
کیسەڵێک دەگری،
منداڵان قاوغەکەیان بردووە.

(٢٣)
ئەو منداڵەی ڕایکرد..
ئەستێرەکە بگرێتەوە،
دەبێتە شاعیر.

(٢٤)
منداڵەکەم..
دەست بە ڕیشما دەهێنێت،
بیرم بێت، پەشمەکی بۆ بکڕم.

سلێمانی ٢٠٠٨